# تەنزی تاریخ و ئیسلامی عەزیز

## "مەشهەد"ی سەد ساڵ پێش ئێستا و "نەجەف"ی ئەمڕۆ

ئەنوەر سوڵتانی

٢٠١٨/٤/٢٨

1. بە گوێرەی هەواڵی سایتە کوردییەکانی باشووری کوردستان (یەکیان "ڕووداو")، لە ماوەی پروپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٨/٤/١٣ ی پەرلەمانی عیراقدا لە شاری نەجەف، ژنێکی عەرەب پۆستەری خۆی بە دیوارەکانی شارەوە هەڵدەواسێت بۆ ئەوەی خەڵک دەنگی پێبدەن. پیاوێک دەچێت، وێنەکەی ماچ دەکات و دەڵێ "لەعنەت لە باوک و باپیرم، بێت ئەگەر دەنگ بە تۆ نەدەم!" عەشیرەتی ژنەکە بەو ڕووداوە تووڕە دەبن و داوای پارەیەکی زۆر لە عەشیرەتی پیاوەکە دەکەن بۆ مەسڵەت کردن و داکووژاندنی ئاشتیبیانەی کێشەکە.

2. ئیرەج میرزا شاعیری ئێرانی (١٨٧٤ – ١٩٢٦)، لە شیعرێکی ١٧ فەردیدا باس لە ڕووداوێکی هاوشێوە دەکات کە لە شاری "مەشهەد" ئێران ڕوویداوە. مەشهەد شارێکی ئایینی موسوڵمانانی شیعەیە و دەگوترێ گۆڕی ئیمامی هەشتەمیانی لێ بێت.

3. ڕووداوەکە بە کورتی بەم شێوەیە بووە: کەسێک لە سەر دەرگای کاروانسەرایەک وێنەی ژنێکی جوانی بێ حیجاب دەکێشێتەوە. خەڵکێکی زۆر بە هەواڵی مەسەلەکە دەزانن و دەچنە سەیر وێنەی گۆرین. هەندێکیان لێی دەچنە پێشەوە و دەم ولێوی ماچ دەکەن. هەواڵی ڕووداوەکە دەگاتە "ارباب عمائم" واتە مەلایانی شار، ئەوانیش دەست بەجێ دەچنە شوێنەکە، لەوێ قوڕ دەگرنەوە و "پیچە" یان نیقابێک بۆ ژنی ناو وێنەکە دروست دەکەن بۆئەوەی لە باری شەرعی ئیسلامەوە نەزەر کردنی حەرام نەبێت!

4. ئیرەج میرزا ئەو ڕووداوە لە پارچە شیعرێکی تەنزئامێزدا دەگێڕێتەوە، کە لێرەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر. بە گشتی، ئیرج میرزای شاعیر بە دوو تایبەتمەندی سەرەکییەوە ناسراوە: یەکەم دژایەتی خورافەی ئایینی و دووهەم زمانی پاراوی ناو شیعرەکانی، بە شێوەیەک کە دەگوترێ دوای سەعدی شیرازی هیچ شاعیرێکی فارسی وێژ نەیتوانیوە شیعری "سهل و ممتنع" ی وەک ئەو بڵێت. ئیرەج بۆ ماوەیەک لە شاری "مەشهەد" ژیاوە، کە ئەو ڕووداوەش هەر لەوێ ڕوویداوە.

5. ئەگەر مەسەلەکە بەو ڕووداوی شاری مەشهەد کۆتایی بهاتایە، دەکرا بگوترێت هی سەردەمێکی تایبەت بووە و ئێستا بەسەر چووە و کای کۆن بە با کردنی ناوێت! بەڵام کاتێ شتێکی گەلێک هاوشێوە دوو هەفتە پێش ئێستا لە وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی ڕوودەدات ئیتر ناکرێ بازی بەسەردا بدرێت و ئاوقای مێژووی کۆن بکرێت لەبەر ئەوەی دەریدەخات سوغرا و کوبرای مەسەلەکە لە شوێنی خۆیدا ماون و دەکرێ لە داهاتووشدا ئاکامێکی هاوشێوەیان لێ بوەشێتەوە. هەر بۆیەش دەبێ وەک کێشەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە.

6. لێکۆڵینەوەی مەسەلەکەش زۆر ئەستەم نییە. دیاردەی هاوبەش لەهەردوڕووداودا، دەوری ئایینە لە بێ بەش کردنی کۆمەڵانی خەڵک لە پێداویستییە سروشتییەکانی مرۆڤ و سەپاندنی یاسایەکی نەخوازراو و بێ بنەما بە سەر خەڵکدا کە یاسای ڕووگرتن و حیجابی نیوەی خەڵکی سەر زەوی بێت، نەکا تاک نیوەکەی تر، بە

چاوپێکەوتنیان هەستی بورووژرێت! مەجبوور کردنی ژنان بە قەبووڵی حیجاب لەگەڵ خواست و ئارەزووی خۆیانیش بە هەمان ڕادە ناتەبایە کە لەگەڵ یاساکانی سروشت و کۆمەڵگا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیسلام. حیجاب لە سەدەی ئینترنێت و دیجیتاڵ و پەیوەندیی بەهێزی تاک لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، دەتوانێ لە داهاتووشدا هەزاران تراجیدیای وەک ئەوەی نەجەف بخوڵقێنێت، کە باوەکوو بە ڕواڵەت گاڵتەجاڕە، بەڵام لو قووڵایی خۆیدا کارەساتێکی ئینسانییە: کوڕەلاوێک ئەوەندە تامەزرۆی دیتنی جنسی بەرانبەری خۆیەتی کە تەنانەت وێنەی سەردەرک و دیواریشیان ماچ دەکات!

7. هەر ئایینێک و کتێبێک و یاسایەک ئازادیی سروشتیی مرۆڤ بەربەست بکات، دەروازەیەکی گەورە بەرەو شکاندنی کەرامەتی ئینسانی و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە.

8. لێرەدا هەردوو هەواڵەکە پێکەوە دەهێنمەوە. بۆ زانیاری دەبێ بڵێم هەندێک فەردی ناو شیعرەکەی ئیرەج میرزا لە سەرچاوەکاندا پاش و پێش کراون، کە دەکرا ڕێکیان بخەمەوە بەڵام ئەو ساغکردنەوەیە دادەنێم بۆ دەرفەتێکی دیکە و لێرەدا بە بێ دەستکاری دەیهێنمەوە.

یەکەم، هەواڵی دوو هەفتە پێش ئێستای شاری نەجەف،
سایتی "ڕووداو"ی کوردی بۆمان دەگێڕێتەوە:

## نرخی ماچکردنی پۆستەری ژنەکە بووە 100 ملیۆن دینار

هەڵۆ کاکەویس



ئەو گەنجەی پۆستەری هەدبا ئەلحەسناوی ماچکرد، خەریکبوو شەڕ لەنێوان دوو هۆز هەڵبگیرسێنێت

**رووداو-هەولێر**

**"نەفرەت لە باب و باپیرم ئەگەر دەنگ بە تۆ نەدەم، ماشەڵڵا ماشەڵڵا لەو دەم و لێوە جوانە!"**

گەنجێك لەبەردەم پۆستەری کاندیدێکی ئافرەتدا بە سەرسامی دێت و دەچێ و چەند جارێکیش پۆستەرەکە ماچ دەکات، پاشان پەنجەی تەڕ دەکات و لەسەر دەموچاوی ئافرەتەکەی دەدات و دەڵێت "ئەوش پەنجەمۆری من بۆ تۆ، بە نەفرەت بم ئەگەر دەنگ نەدەم بە تۆ!"

بەڵام نرخی ئەو ماچە 100 ملیۆن دینار لەسەر هۆزی گەنجەکە کەوت.

لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، گرتەی ڤیدیۆیی گەنجێك لە هۆزی ئەلمەجاتیم لە شاری نەجەف بڵاوکرایەوە کە پۆستەری هەدبا ئەلحەسناوی، لە هۆزی ئەلبوو عزێب کە کاندیدی لیستی "ئەنسارولحەق"ـە لە پارێزگای نەجەف، ماچ دەکات.

دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەکە، هۆزی ئەلبوو عزێب داوای رادەستکردنی ئەو کوڕەی هۆزی بەرامبەریان کرد کە پۆستەرەکە ماچ دەکات، دەنگۆی ئەوەش بڵاوکرایەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە داوای 40 ملیۆن دیناریان کردووە، بەڵام دواتر هەدبا حەسناوی روونکردنەوەیەکی لە فەیسبووکەکەی خۆی بڵاوکردەوە و رەتیکردەوە کە بۆ ئەو بابەتە پارەی وەرگرتبێت. ئەو پاڵێوراوە ژنە گوتی کە کەسانێك پاڵنەری ئەو گەنجە بوونە بۆ ئەوەی زیان بە دەنگەکانی لە هەڵبژاردن بگەیێنێت.

لەنێوان دەنگۆ و راستیدا، گرتەی ڤیدیۆیی چارەسەرکردنی کێشەکە بڵاوکرایەوە و کەسوکاری هەردوولا قسەیان لەسەری کرد و ئەوەشیان پشتڕاست کردەوە کە بە پارە کێشەکەیان چارەسەر کردووە، بڕی پارەکەش 100 ملیۆن دینارە. دواتر کەسوکاری کوڕەکە بە بەرچاوی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە داوای لێبوردنیان لە هۆزەکەی هەدبا حەسناوی کرد.

باوکی ئەو کوڕەی پۆستەرەکەی هەدبای ماچ کردووە، دەڵێت: "بێگومان ئەو پارەیە شتێکی رەمزیە، هۆزی کچەکە لەسەر حەقن و ئەوان مافیان هەیە چۆن سزای بەرامبەرەکەیان بدەن، سەرباری ئەوەش سوپاسیان دەکەین کە بڕیاری تۆڵەکردنەوەیان نەدا." *[سایتی ڕووداو، لە ۲۰۱۸/۴/۲۲ دا بینراوە]*

******

دووهەم، هەواڵی سەد ساڵ پێش ئێستای شاری مەشهەد،
شیعرە تەنزئامێزەکەی ناو "دیوانی ئێرەج میرزا" بۆمان دەگێڕێتەوە:

| | |
|---|---|
| بر سردر کاروانسرایی | تصویر زنی به گچ کشیدند |
| ارباب عمائم این خبر را | از مخبر صادقی شنیدند |
| گفتند که وا شریعتا، خلق | روی زن بی نقاب دیدند |
| آسیمه سر از درون مسجد | تا سردر آن سرا دویدند |
| این آب آورد و آن یکی خاک | یک پیچه ز گل بر او بریدند |
| ناموس به باد رفته‌ای را | با یک دو سه مشت گل، خریدند |
| چون شرع نبی از این خطر جست | رفتند و به خانه آرمیدند |
| غفلت شده بود و خلق وحشی | چون شیر درنده می‌جهیدند |
| بی پیچه زن گشاده رو را | پاچین عفاف می‌دریدند |
| لبهای قشنگ خوشگلش را | مانند نبات می‌مکیدند |
| بالجمله تمام مردم شهر | در بحر گناه می‌تپیدند |
| ایمان و امان به سرعت برق | می‌رفت که مومنان رسیدند |
| درهای بهشت بسته می‌شد | مردم همه می‌جهنمیدند |
| می گشت قیامت آشکارا | یکباره به صور می‌دمیدند |
| طیر از وکرات و وحش از جحر | انجم ز سپهر می رمیدند |
| این است که پیش خالق و خلق | طلاب علوم رو سفیدند |
| با این علما، هنوز مردم | از رونق ملک ناامیدند! |

*(برگرفته از "دیوان کامل اشعار ایرج میرزا")*